Dr. – Ing. Asso Saiwani
Nordhauser Str. 19, 10589 Berlin


# پێشبینی کردن بۆ گەشەسەندنی پلانی عومرانی لە عێراقدا
# Suggestion for the Development of the Town Planning

## پێشەکی

عێراق هەتا سالانی بیستەکان لە ڕووی ژێرخانی ئابوورییەوە گەشەیەکی ئەوتۆی نەسەندبوو. هەروەها هەوڵێکی ئەوتۆش لە ئارادا نەبوو، لە ڕووی سیاسییەوە گۆڕانکاری لەم بارەیەوە بکرێت.

دوای دۆزینەوەی نەوت و گاز لە عێراق و ئەو داهاتە زۆرانەی کە بەهۆی ناردنە دەرەوەیەوە دەست کەوت و ئەو ڕێوشوێنانەی کە بۆ چاککردنی ژێرخانی ئابووری گیرانە بەر، عێراق لە ماوەی چەند دە ساڵێکدا، چووە قۆناغێکی تازەوە و لە پێشەوەی وولاتانی جیهانی سێهەم دا ئەژمارئەکرا،

هەتا ئەو کاتە، گەشەسەندنی شارەکان لەگەڵ هەبوونی چەندەها یاسای بیناسازی دا، بێ پلان بوو، ئەمەش بەهۆی نەبوونی بناغەیەکی پتەو بۆ ڕێکخستنی بینا دروستکراوەکان و گەورەکردنی شارەکان بەهۆیەوە.

گەورەترین گرفت کە لە ڕابووردوو دا تووشی عێراق بوو بوو، وەکو هەموو وولاتانی جیهانی سێهەم، زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و هۆکاری کۆچ کردن، بوو.

ڕێژەی زیاد بوونی دانیشتوان لە شارەکاندا، کە بە شێوەیەکی نا یەکسان دابەش بوو بوو، ببووە هۆی گرفتی گەورە لەبەردەم ژێرخانی ئابووری دا، بە تایبەتی کەمی خانووی نیشتەجێ بوون بۆ وولاتیان.

پێگە ئیدارییەکان لە شاروشارۆچکەکاندا نەیانتوانی شوێنی نیشتەجێ بوون بۆ هاوولاتیان دابین بکەن، ئەمەش بەهۆی زیاد بوونی لە ڕادە بەدەری ژمارەی دانیشتوانیانەوە بوو.

هۆکاریش بۆ کۆچ کردنی هاوولاتیان لە دێ کانەوەوە و دەرەوەی شارەکانەوە بۆ شاروشارۆچکەکان ئەگەڕێتەوە بۆ دابین کردنی بژێوی ژیان و دۆزینەوەی هەلی کار.

بەهۆی زۆر بوونی داواکاری لە پێویستی خانوو بۆ نیشتەجێ بوون، گەلەها ناوچەی نەشیاو بۆ نیشتەجێ بوون کران بە ناوچەی شیاو بۆ نیشتەجێ بوون بە.بێ گوێ دانە پلاندانانی عومرانی ناوچەکانیان،

بەهۆی دروست کردنی (خانووی تاک) لەوناوچانادا نەتوانرا قەیرانی نیشتەجێ بوون چارەسەر بکرێت. ئەم خانوانەش لە لایەن شارەوانییەکانەوە تەنها لە ڕووی گونجاندنیانەوە لەگەڵ ڕێنماییە یاساییەکانی بیناسازییەوە بەراورد ئەکران، بە بێ ئەوەی لە کاریگەریان لەسەر پلانی عومرانی بکۆڵرێتەوە.

بە تێڕوانینی یەکە دروستکراوەکان ئەو ڕاستی یە دەرئەکەوێت، کە بە بوونی ڕێنماییە یاساییەکان کە تا ئێستا کاریان پێئەکرا، ناتوانرێت گەشەسەندنی چاوەڕوانکراوی شاروشارۆچکەکان بەشێوەیەکی دروست، بهێنرێتە دی، کە بەهۆیەوە یەکە دروستکراوەکان و خزمەتگوزارییەکان بۆیان و کاریگەریان لەسەر یەکتری، بگونجێنرێت.

گەشەسەندنی بێ پلانی شاروشارۆچکەکان لەگەڵ ئەوەشدا بوو، کە ڕێنماییە یاساییەکانی بیناسازی لە عێراق، ڕێوشوێنی یاسایی بۆ بەکارهێنانی زەوی بەمەبەستی بینا دروست کردن، دیاریکرد بوو.

تێڕوانینی ئەم ڕێنماییە یاساییانەی بیناسازی ئەوە دەرئەخەن، کە تەنها بواری زەوی بۆ بینا دروستکردن ئەگرنەوە.

بۆ نمونە تیایاندا ڕێوشوێنە پێویستەکان بۆ لێکۆڵینەوە لە گونجانی پلان بۆ خانوی تاک لەگەڵ ڕێنماییە یاساییەکان ئەگیرێتە بەر، نەک گونجاندنی ئەم یەکانە لەگەڵ سرووشت و دەوروبەرەکەیاندا.

بۆ ئەم مەبەستە پێویستە پلانی عومرانی شاروشارۆچکەکان توانای نیشانەکردنی هێزە کاریگەرییەکانی هەبێت و مەرجەکانی پێکەوەژیان بۆ هاوولاتیان دابین بکات و بەکارهێنانی زەوی بۆ بینا دروستکردن بەشێوەیەکی باش بڕەخسێنێت و نەهێڵێت پلانی نەشاز بێتە کایەوە. ئەم پلانەش پێویستە توانای کشان و خۆگونجاندنی هەبێت و دیاردە کلتوری و ئابوورییەکان بپارێزێت و لە بەرژەوەندی گشت هاوولاتیان دا بێت و یەکەکان تیایدا بەشێوەیەک لەگەڵ یەکتریدا ڕێکبخرێن، کە کاریگەرییان لەسەر ژینگە زیانبەخش نەبێت.

پلانێکی لەو جۆرە تا ناوەڕاستی پەنجاکانی سەدەی ڕابووردوو لە عێراق دا نەبوو. هەرچەندە جۆرێک لەو پلانانە بۆ هەندێ لە شارەکانی عێراق وەکو بۆ بەغداد و موصڵ و بەصرە و کەرکوک، لە دروستکردندا بوون، بەڵام شێوەیەکی یاساییان وەرنەگرت و نەچوونە پلانی جێبەجێکردنەوە.

لەگەڵ داواکاری زۆرتر لە شوێن و ژینگە، لەم سالانەی دواییدا لە پلاندانانی شاروشارۆچکەکاندا، شوێنی کار و نیشتەجێبوون بەشێوەیەکی بەرچاو لە یەکتری جیا کراونەتەوە و زەوی پێویست بۆ خزمەتگوزارییەکانی شارەوانییەکان دابین کراون، هەرچەندە شوێنەکانیان وەک پێویست دیاری نەکراون و بەهۆیەوە کاریگەری خراپی لەسەر خزمەتگوزارییەکان دروست کردووە.

Saiwani

ئەگەر گەشەسەندنی پلانی عومرانی کوردوستانیش بەراورد بکەین، ئەبینین کە پێگە ئیدارییەکانی شارەکانی سلێمانی و دهۆک و هەولێر، لەبەر نەبوونی کارمەندی کاراوشارەزا لەبواری پلاندانانی عومرانیدا، نەیانتوانیوە ئەم کارە جێبەجێ بکەن.

بۆ دەرباز بوون لەم گرفتی پلاندانانە، بەڕێوەبەرایەتی پلاندانان لە وەزارەتی پلاندانانی کوردوستان کراوەتەوە، کە بۆ یارمەتی کارمەندەکانی لە لایەک و لە لایەکی ترەوە لەسەر فەرمانی پارێزگا و بە یارمەتی کۆمپانیای بێیانی بۆ درووستکردنی ماستەرپلانی شارەکان، کاری پلاندانان ئەنجام ئەدات.

بە پێی ڕای زۆرێک لە شارەزایانی بواری پلاندانان، پلاندانانی عومرانی لە عێراق لە دوای دەرچوون و کارپێکردنی یاسای (ألطرق و ألأبنية)ی ژمارە (44/1935)ە وە، گۆڕانکارییەکی بەرچاوی تێکەوتووە و ئەم یاسایە کەریگەرییەکی گەورەی هەبووە لە بواری پلاندانانداندا لە گشت ناوچەکانی وولاتدا. هەر لەبەر ئەم پێشکەوتنانەیە کە گۆڕانکاری تریش پێویست بە بوون ئەکات.

یاسای شارەوانی ژمارە (165/1964)، کە لە یاسای (ألطرق و ألأبنية)ی ژمارە (44/1935)ە وە داڕێژرا و یاسای هاتووچۆی ژمارە (83/1963) و یاسای مافی موڵکدارێتی ژمارە (54/1970)، بنەماکانی مافی یاسایی بیناسازین (حقوق ألبناء) لە عێراقدا. ئەم یاسایانە بۆ کوردوستانیش بەکارئەهێنرێن.

بۆ ئەوەی ئەم یاسایانە بەشێوەیەکی ڕاست بەکاربهێنرێن، کە تیایاندا گونجاندنی پلانەکان لەگەڵ سرووشت و ژینگە دا بەرجەستە بێت، پێویستە ئەم یاسایانە گۆڕانکاری تەواویان بەسەر دا بێت. لێرەدا هەندێک پێشنیار بۆ مەبەستی پلاندانان لە کوردوستان دا ئەخەمە ڕوو:

أ- لەبەرچاو گرتنی داواکارییەکان لە بواری پەیوەندی کارو نیشتەجێ بووندا.

ب- لەبەرچاو گرتنی پێویستی هاووڵاتیان لە شوێنی نیشتەجێبوون، بە لە بەرچاو گرتنی درووست نەبوونی چینی تاکڕەو لە ناوچەکاندا، ئەمەش بەهۆی هاندانی درووستکردنی بینای نیشتەجێبوون بە نرخی گونجاو بۆ هاووڵاتیان.

ج- لەبەرچاو گرتنی پێویستییە کلتوورییەکان و کۆمەڵایەتییەکانی خێزان و گەنجان و پیران و هاندانی بواری زانست و وەرزش و شوێنی حەوانەوە،

د- هێشتنەوە و تازەکردنەوە و پەرەپێدانی ناوچە درووستکراوەکان و بە سەوزایی کردنی ناوچەکانیان.

ە- لەبەرچاو گرتنی بواری شوێنەوارسازی.

ز- لەبەرچاو گرتنی بواری ژینگە و سرووشت و زەوی کشت و کاڵی.

ق- لەبەرچاو گرتنی بواری دارستان و ئاژەڵگەری و پۆست و بوارە خزمەتگوزارییەکانی وەک ئاو و ئاوەڕۆ و کارەبا و فڕێدانی خاشاک و هێشتنەوەی هەلی کار بۆ هاووڵاتیان.



Saiwani

**1. پێشبینییەکان لە بواری پلاندانەنی عەمرانی دا ئەمانەن:**

**1.1 گەشەسەندن لە بواری یاسای عومرانی دا**

جێگیرکردن و بەکارخستنی پلانی عومرانی ئەتوانرێت بە یاساکانی بیناسازی کە تا ئێستا کاریان پێئەکرێن لە عێراقدا، بەرجەستە بکرێت. لەبەر ئەوەی کە یاساکان نابنە هۆکارێک بۆ داڕشتنی پلانی عومرانی درووست لە شار و شارۆچکەکاندا. لەبەرئەوە پێویستە:

أ- بڕیاری پلانی عومرانی بۆ هەر ناوچەیەک ئەبێت تا چەسپاندن و بوون بە یاسا، گۆڕانی بەسەر دا نەیەت،

ب- ئەبێت پلانەکە جیاوازی بکات لەنێوان ناوچەکانی ناوەوە و دەرەوەی ژێر دەستەڵاتی شارەوانی دا،

ج- تا درووستکردنی پلانەکە، ئەبێت شارەوانی فاکتەری (قەدەغە) بخاتە سەر پلانەکە، کە بە هۆیەوە شارەوانی هەر جۆرە گۆڕانکاریەکی چاوەڕوانکراو یان چاوەڕواننەکراو بەسەر پلانەکەدا. قەدەغە بکات. بەندەکانی یاسای شارەوانی ژمارە (165/1964)، لە (45 $) دا کۆسپ بۆ ئەم کارە دروست ئەکات، چونکە ئیجازەی درووستکردن بۆ ماوەی (20) ساڵ بەو زەوییانەش ئەدات، کە ئەبنە ڕێگر لەبەردەم جێبەجێکردنی هەر پلانێکی عومرانیدا، کە ئەمەش ئەبێتە هۆی وەستاندنی پلانەکە بۆ ماوەی بیست ساڵەکە.

د- شارەوانی ئەبێت لەکاتی درووستکردنی پلانی عومرانی هەر ناوچەیەکدا، هەماهەنگی بکات لەگەڵ شارەوانییەکانی دراوسێی ناوچەکەدا. شارەوانییەکانی دراوسێی ناوچەکە تا ڕادەیەک مافیان هەیە لە بڕیاردان لە پلانەکە، کاتێک پلانەکە کاریگەری نێگەتیفی هەبێت لەسەر ناوچەکانیان.

ه- موڵکدارێتی شارەوانی بۆ ئەو زەوییانەی ڕووبەرەکانیان لە سەرو (10000 م$^2$) وەیە بەبێ قەرەبووکردنەوەی خاوەنەکانیان بەپێی بەندەکانی (54 $) ی یاسای شارەوانی ژمارە (165/1964)، ئەبێتە هۆی ماف خواردنی هاووڵاتیان لەلایەن شارەوانییەوە و ئامانجەکانی پلانەکە تا ڕادەیەک ناپێکێت.

و- مەنع خستنە سەر هاووڵاتیان لەلایەن شارەوانییەوە، کە نەتوانن بیناکانیان لەسەر زەوییەکانیان درووست بکەن، تا تەواوکردنی معامەلەی موڵکدارێتی بۆ ئەو زەوییانەی کە ڕووبەرەکانیان زۆرە و بەشێکیان لێ دائەبڕرێت بۆ ئەنجامدانی پلانەکە بەپێی بەندەکانی (22 $) ی یاسای شارەوانی ژمارە (165/1964)، ، مافی شەخصی هاووڵاتیان بریندار ئەکات و ناتوانرێت قبووڵ بکرێت.

ز- شارەوانی پێویستە لە عەمەلییەتی موڵکدارێتی دا و دابڕانی بەشێک لە ڕووبەرەکانیان بەپێی بەندەکانی (54 $) ی یاسای شارەوانی ژمارە (165/1964)، جیاوازی بکات لەنێوان ناوچەکانی ناوەوە و دەرەوەی سنووری شارەوانی دا.

ژ- پێویستە دائیرەکان و بەڕێوەبەرایەتییەکان و دامەزراوە تایبەتەکان، زوو لە داڕشتنی پلانی عومرانی هەر ناوچەیەک ئاگادار بکرێنەوە. ئەم کارەش پێویستە لەکاتی پلاندانانەکەدا بێت و نەک دوای کامڵ بوونی پلانەکە بۆ بڕیاردان لێی.

م- بۆ پلاندانانی عومرانی ناوچە تازەکان، پێویستە شارەوانی لە منافەسەیەکی زانستی دا بانگهێشتی نووسینگە تەلارسازەکان بکات بە مەبەستی پێشکەشکردنی نەخشەکانیان بۆ پلانەکە، کە بەهۆیەوە گونجاوترین پلان لەنێوانیاندا هەڵببژێرێت و جێبەجێی بکات بۆ ناوچەکە.

Saiwani

## 1.2 تەدابیر بۆ ڕێکخستنی زەوی

أ- دیاریکردنی زۆنەکان لە پلانەکاندا پەیوەست بە گەورەیی زەوی و پلەی شارەوانییەکانیان، ئەبێتە هۆی کۆسپ لەبەردەم گەشەسەندنی پلانی عومرانی دا، چونکە نابێتە هۆی درووستکردنی ئاوێتەی نیشتەجێبوونی سادە، بەڵکو ئەبێتە هۆیەک بۆ درووست بوونی چەندەها ناوچەی لەیەکچوو.

ب- لەبەر بەرژەوەندی گشتی، پیویستە لە عێراق بەپێی یاسا مافی کڕینی زەوی (حق ألبيع) لە لایەن شارەوانییەکانەوە بەرجەستە بکرێت، بە تایبەتی بۆ ئەو زەوییانەی کە ئەکەونە ناوچەی پلاندانەنی عومرانییەوە یان بەمەبەستی دانانی پلانی تەفصیلی، بەشێک لە زەوییەکانیان پێویستن بۆ ئەنجامدانی پلانەکە، بەمەرجێک ئەو زەوییانە بینایان لەسەر درووست نەکرابن. لە پلانی ئەساسیشدا پێویستە ئەم مافە بەرجەستە بکرێت، بەتایبەتی بۆ ئەو ناوچانەی کە بۆ نیشتەجێبوون یان ناوچەی درووستکردن تەرخان ئەکرێن. ئەو زەوییانەش کە بۆ ئەم مەبەستە لەلایەن شارەوانییەوە ئەکڕرێنەوە، ئەتوانرێت بە هەمان شێوە لەلایەن شارەوانییەوە بفرۆشرێنەوە.

ج- ئەو ناوچانەی کە درووستکردن تیایاندا لەبەر هۆکاری ژینگەیی سنووردار ئەکرێن، چونکە زیانبەخشن یان بۆنی هەراسانکەریان لێدەرئەچێت، پێویستە لە نەخشەی ئەساسی دا دەست نیشان بکرێن و ڕێوشوێنی پارێزگاریکردنیان بۆ دابنرێن، بۆ نمونە: دانانی دیواری بەربەست لەسەر جادە خێراکان و نزیک فڕۆکەخانەکان. بە هەمان شێوەش پێویستە تەدابیری پێویست لە ناوچە کلتوری و شوێنەوارسازیەکاندا بگیرێتەبەر.

د- موڵکدارێتی شارەوانی بۆ بەشێک لەو زەوییانەی هاووڵاتیان، کە ڕووبەرەکانیان گەورەن، بەبێ قەرەبووکردنەوەی خاوەنەکانیان بەپێی بەندەکانی (54 $) ی یاسای شارەوانی ژمارە (165/1964)، کارێکی ناڕەوایە. قەرەبووکردنەوەیەکی درووست لەلایەن شارەوانییەوە بۆ خاوەن زەوییەکان لە شێوەی پارەپێدان یان زەوی پێدان، پێویستە. نرخی زەوییە قەرەبووەکانیش پێویستە لەلایەن لیژنەیەکی سەر بە شارەوانییەوە بە پێی نرخی ڕۆژ بۆ زەوییەکان، بخەملێنرێت و بدرێت بە خاوەن زەوییەکان.

Saiwani

### 1.3 تەدابیری خەدەماتی پێویست

ڕەچاوکردنی تەدابیری پێویست لە دیزاینکردنی خزمەتگووزاریەکاندا ئەمانەن:

أ- درووستکردنی خزمەتگوزارییەکان لە ئاوئاوەڕۆ و جادە و زێراب بە شێوە و قەبارە، نابێت تەنها لە بەرژەوەندی زەوییەکاندا بێت و بەس، بەڵکو پێویستە ئەم خزمەتگوزاریانە، گەشەسەندنی ناوچەکانی سەر بە شارەوانیەکان بە گشتی بگرنەوە و پێویستییەکانی ئێستا و دواڕۆژی هاووڵاتیان پڕ بکەنەوە. شارەوانیش ئەبێت لە نەخشە ئەساسی و تەفصیلی یەکاندا جێگیریان بکات.

ب- شێوە و قەبارەی ئەم خزمەتگوزارییانە ئەبێت لە ناوچە ی درووستکردن دا بەپێی شیوە و قەبارەی ڕێپێدراو بێت و لەگەڵ ڕووبەری زەوییەکاندا بگونجێنرێت.

ج- تۆڕی ئاوئاوەڕۆ و زێراب و جادەکان ئەبێت بەشێوەیەک دیزاین بکرێن، کە زەویەکانی دەوریان بە شێوەیەکی گونجاو بکەونە سەریان. دووبارەبوونەوەی ڕاکێشانی ئەم تۆڕە خزمەتگوزارییانە بۆ زەوییەک نابێت ڕێپێدراو بێت، واتە هەر زەوییەک تەنها لە یەک لاوە ئەم خزمەتگوزاریانەی بۆ دابین بکرێت.

د- ناوچە پیشەسازی و پیشەییەکان پێویستە بەهۆی ڕێکخستنی بینا و خانووەکانیان و چاندنی درەختەوە لە دەوری جادەکانیان بە شێوەیەک بخرێنە سەر تۆڕی جادەکان، کە ئەو هاژوهوژ و بۆنانەی کە لێیانەوە درووست ئەبن و ئەچنە هەواوە، نەبنە هۆی بێزارکردنی دانیشتوانی ناوچەکانی نزیکیان.

ه- تۆڕە خزمەتگوزارییەکان پێویستە بە شێوەیەک لەگەڵ تەختی و لێژی ناوچەکانیان دا بگونجێنرێن، کە بتوانرێت، درووستکردنی جادە و تۆڕی ئاو تیایاندا، بە نرخێکی گونجاو ئەنجام بدرێن.

و- جادە و شەقامەکان پێویستیان بە ئامێری ڕۆشنکەرەوەی کافی هەیە.

لە بواری یاساییشدا پێشنیار ئەکرێت، کە یاسای هاتووچۆی ژمارە (85/1963) لە هەندێ لە پەرەگرافەکانیدا بە جۆرێک گۆڕانکاری و زیادەی بۆ بکرێت، کە یاساکە بە گشتی بار لەسەر هاووڵاتیان سووک بکات، چونکە بەپێی یاساکە دابەشکردنی نرخی تێچووی جادە تازە درووستکراوەکان لە لایەن شارەوانییەوە بەسەر ئەو خانوانەدا کە ئەکەونە سەر هەردوو لای جادەکەوە بە پێی بەندەکانی (8 $)ی یاساکە ، بە شێوەیەکی ناڕێک و نایەکسان دابەش ئەکرێت.
لە لایەکی ترەوە نرخی تێچووی جادە تازە درووستکراوەکان لە لایەن شارەوانییەوە بەسەر ئەو خانوانەدا کە ئەکەونە سەر یەک لای جادەکە بە پێی یاساکە دیاری نەکراوە و پێویستی بە خەمڵاندن هەیە.
هەروەها نرخی تێچووی جادە تازە درووستکراوەکان، کە بۆ مەبەستی بەسەوزی کردنیان، جەزری ناوەڕاستیان هەیە، لە لایەن شارەوانییەوە بەسەر ئەو خانوانەدا کە ئەکەونە سەر لایەکی یان هەردوو لای جادەکەوە بە پێی یاساکە دیاری نەکراوە.
لێرەدا ئەبێت شارەوانی نرخی تێچووی جەزرە ناوەڕاستیەکە لە نرخی گشتی تێچووی جادەکە دەربکات و ئینجا بەسەر هاووڵاتیان دا دابەشی بکات.

## 1.4 تەدابیری پێویست بۆ کەمکردنەوەی زیانی ناوچە پیشەسازی یەکان

زۆربەی شارەوانیەکان خوازیاری ئەوەن کە زۆرترین ناوچەی پیشەسازی لە شارەوانیەکانیاندا بۆ بەرژەوەندی گشتی درووست ببێت، بۆ ئەوەی زۆرترین باج لە هاووڵاتیان وەربگرن و بەو هۆیەشەوە زۆرترین هەلی کار بۆ هاووڵاتیان دەستەبەر بهێنن.

ئەم بەشە پۆزەتیفەی زۆربەی ناوچە پیشەسازییەکان، بەشێکی نێگەتیفی لە بەرامبەردایە ئەویش ئەوەیە کە ئەم کارگانە بەتایبەتی کارگە پیشەسازییە گەورەکان، کە بیناکانیان پێویستیان بە وەرگرتنی ئیجازەی دروستکردن هەیە لە شارەوانی، ئەبنە هۆی پیسکردنی ژینگە بەهۆی ئەو غازانەی لێیانەوە ئەچنە هەواوە و بەهۆیو ئەوهاژوهوژانەی لێیانەوە دەرئەچن.

لەم ساڵانەی دواییدا گرنگی ژینگە بۆ ژیان لە لایەن هاووڵاتیانەوە و پاراستنی لە مەوادە زیانبەخشەکان، بەهۆی زیادبوونی ڕادەی ڕۆشنبیریانەوە و زیادبوونی زانیاری لە بابەت مادە زیانبەخشەکانەوە بەرزبۆتەوە. لەم ڕووەوە هەندێ یاسای ژینگە و لەوانەش یاسای ژینگەی ژمارە (2006/ 10) لە وەزارەتی ژینگەی هەرێمی کوردوستان بۆ ئەم مەبەستە دەرچوو، کە لە نەخشەدانانی عومرانی ناوچە تازەکانی هەرێم داو لە گەشەسەندنی بیناسازی ناوچەکە بە لەبەرچاو گرتنی ژینگەپارێزی لە پلانەکاندا، ڕۆڵێکی باشی هەبوو.

پێویستە پاراستنی ژینگە لە مەوادە زیانبەخشەکان لە ناو نەخشە تەفصیلییەکان دا بۆ ناوچە پیشەسازی یەکان لە عێراق و لە هەرێمی کوردوستان دەست نیشان بکرێت. لە دیاریکردنی ناوچەی پیشەسازیدا، پێویستە دەرچوونی دەنگ لە کارگەکانەوە هێندە ڕێپێدراو بێت، کە لەو ناوچانەدا تەنها ئەو کارگانەی تیا دروست بکرێت، کە بەهۆی بەرزی دەنگییانەوە، بۆیان نەبێت لە ناوچەکانی تردا دروست بکرێن.

کەم کردنەوەی دەنگی کارگەکان و نەهێشتنی گواستنەوەی دەنگەکانیان بۆ ناوچەکانیی نێشتەجێبوونی نزیک لێوەیان، تەنها بەهۆی بەجێهێشتنی مەسافە یەکی زۆری نێوانیان بەرجەستە ئەکرێت.

بۆ ئەم مەبەستە پێویستە بۆ کارگەیەک کە لە دواڕۆژدا دروست ئەکرێت بە پێی ئەو دەنگ و بۆن و غازەی لێوەی ئەچێتە هەواوە، مەسافەکەی لەگەڵ نزیکترین ناوچەی نیشتەجێ بوون لێوەی، بۆ پارێزگاری سرووشت، دیاری بکرێت.

لێرەدا ئەتوانرێت ناوچەکان لەناو پلانە ئەساسییەکاندا بەپێی مەسافە و کلاسەکانیان پۆلێن بکرێن، بۆ نمونە: کلاسی ژمارە 5، (300 م) و کلاسی ژمارە 2، (1000 م). واتە نزیکترین ناوچەی نیشتەجێ بوون لە کارگەی (کلاسی 2) ەوە ئەبێت (1000 م) دوور بێت.

بۆ دۆزینەوەی چڕی ئەو دەنگە ڕێپێدراوەی کە لە کارگەکانەوە ئەچێتە هەواوە ئەتوانرێت بەپێی فۆرملێکی ماتماتیکی، کە زانای ئەڵمانی Kötter دایهێناوە، کە ئەبێتە هۆی کەم بوونەوەی ووزەی دەنگ، بەکاربهێنرێت.

$$L_{WA} = L_{WA}'' + 10 \cdot \log (S/S_0) \qquad , \qquad L_P = L_{WA} - 10 \cdot \log (2 \cdot \Pi \cdot (s/s_0)^2)$$

$L_{WA}''$ = **گوێزانەوەی دەنگ بە** $dB/m^2$

$s$ = گەورەیی ڕووبەری کارگەکە بە ($م^2$)

$S$ = مەسافەی کارگەکە لە ناوچەی نیشتەجێ بوونەوە

$s_0$ = گەورەیی ڕووبەری نیسبی کارگەکە، کە یەکسانە بە ( 1$م^2$)

$S_0$ = مەسافەی نیسبی کارگەکە لە ناوچەی نیشتەجێ بوونەوە کە یەکسانە بە (1 م)

$L_P$ = پێگلی دەنگ گواستنەوە بە dB (A)

له فۆڕملەکەدا مەسافەی شوێنی دەنگ گوێزەرەوەکە واتە (کارگەکە) بۆ شوێنی دەنگ گوێزانەوەکە واتە (نیشتەجێبوون) جێگیر کراوە بۆ دۆزینەوەی بڕی دەنگە گواستراوەکە، بۆ نمونە:

| | |
|---|---|
| بڕی گویزانەوەی دەنگ بۆ ناوچەی نیشتەجێبوون | $L_P$ = 55 dB (A) |
| ڕووبەری کارگەکە | S = 10000 $m^2$ |
| مەسافەی کارگەکە لە ناوچەی نیشتەجێ بوونەوە | s = 200 m |

$$\mathbf{L_P = L_{WA} - 10*\log(2*\Pi*(s/s_0)^2)}$$

$$L_{WA} = L_P + 10*\log(2*\Pi*(s/s_0)^2)$$
$$L_{WA} = 55 + 10*\log(2*\Pi*(200/1)^2)$$
$$L_{WA} = 109\ dB(A)$$

$$L_{WA} = L_{WA}“ + 10*\log(S/S_0)$$
$$L_{WA}“ = L_{WA} - 10*\log(S/S_0)$$
$$L_{WA}“ = 109 - 10*\log(10000/1)$$
$$L_{WA}“ = 69\ dB(A) / m^2$$

لە نەخشەی ئەساسیدا ئەبێت بۆ ئەم کارگەیە پێگلی دەنگی حسابکراو **$L_{WA}“ = 69\ dB(A) / m^2$** دیاری بکرێت. واتە لەم ناوچە پیشەسازییەدا تەنها ئەو کارگانە ڕێپێدراون، کە پێگلی دەنگی گواستراوە لێیانەوە لە (69 دێتسی بێل) لە ڕۆژدا و لە (54 دێتسی بێل) لە شەودا تێناپەڕێت.

لە نێوانی ڕۆژ و شەو دا جیاوازی (15 دێتسی بێل) دانراوە، چونکە شەو نابێت کارگەکان دانیشتوانی ناوچەکە بەهۆی هاژوهوژەوە بێزار بکەن.
هەتاکوو مەسافەی نێوان کارگەکە و شوێنی نیشتەجێبوونەکە زیاد بکات و بۆ نمونە ببێت بە دوو ئەوەندە، پێگلی دەنگی گواستراوە بە (3 تا 5 دێتسی بێل) دێتە خوار.
ئەگەر کارگەکە ڕووبەرەکەی بوو بە S= 2000 $m^2$ ، ئەوە:

$$L_{WA} = L_{WA}“ + 10*\log(S/S_0)$$
$$L_{WA} = 69 + 10*\log(2000/1)$$
$$L_{WA} = 102\ dB\ (A)$$

بەم شێوەیە کارگەکە ئەتوانرێت لەو ناوچە پیشەسازییەدا درووست بکرێت، ئەگەر قیمەتی دەنگی گوێزراوە لە (102 دێتسی بێل) یان کەمتر بێت.

گواستنەوەی دەنگ لە فڕۆکەیەکەوە کە بەبەرزی (1000 م) لە زەوییەوە ئەفڕێت لەنێوان (85 بۆ 105 دێتسی بێل) دایە و لە بەرزی (3000 م) دا ئەگاتە (90 دێتسی بێل). ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێت، کە دەنگی گواستراوە لە فڕۆکەیەکەوە، کە لە بەرزی 5000 م هوە لە زەوییەوە ئەفڕێت، ئەگاتە (60 تا 65 دێتسی بێل)، کە ئەمەش ڕادەی توانای بیستنی مرۆڤە، کە لەو ڕادەیە زیاتر زیانبەخش ئەبێت بۆی. لەبەر ئەوە پێویستی گرتنەبەری ڕێوشوێنی تایبەتی دێتە کایەوە. بۆ ئەمەش زۆنی بیستن جێگیر کراوە کە لە زۆنی (1) دا کە ڕادەی (75 دێتسی بێل) تێئەپەڕێنێت و لە زۆنەکانی تر دا ڕادەی دەنگ گوێزانەوە تیایاندا کەمترە. خانوو و بینا ئەتوانرێت لەم زۆنانەدا درووست بکرێن، ئەگەر ڕێنماییەکانی گوێزانەوەی دەنگ جێبەجێ بکەن.

Saiwani

فڕۆكەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی كە مەسافەی (15 كم) دوورە لە سەنتەری شارەكەوە و ئەكەوێتە بەشی سەرووی ڕۆژئاوای سلێمانییەوە، نزیكەی كەمتر لە (1000 م) لە نزیكترین ناوچەی نیشتەجێبوون لێیەوە دوورە. لێرەدا دەرئەكەوێت، كە هەر نەخشەیەكی عومرانی لەم ناوچەیەدا و لە زۆنی گوێزانەوەی دەنگی فڕۆكەكاندا بە پێی نمونەكەی پێشوو، پێچەوانەی ڕێنماییە یاساییەكانە، چونكە پێگلی دەنگی گواستراوە لە فڕۆكەكانەوە بۆ ناوچەی نیشتەجێبوونەكە، زیاترە لە (67 دێتسی بێل) و ئەمەش زیانبەخش ئەبێت بۆ دانیشتوانی ناوچەكە.
لێرەدا ئەتوانرێت بخرێتە ڕوو، كە شارەوانی سلێمانی لە كاتی كێشانی نەخشەی تەفصیلی ناوچەكەدا لە ساڵی 2004 دا، كاریگەری گوێزانەوەی دەنگی لەسەر ژینگە و زیانی بۆ دانیشتوانی ناوچە نزیكەكان لێیەوە، پشت گوێ خستووە. بەمەش پلانێكی نادرووستی ناوچەكەی داڕشتووە.



فڕۆكەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی

فڕۆكەخانەی نێودەوڵەتی هەولێریش لە قەراغی شار و ناوچەیەكی نیشتەجێبوون (عەینكاوە) دروست كراوە، كە نزیكەی (1000 م) لێوەی دوورە، كە ئەكەوێتە سەرووی ڕۆژئاوای شارەكەوە. بەمە فڕۆكەخانەكە و پلانی ناوچەكە هەمان خوێندنەوەی بۆ ئەكرێت، وەكو بۆ فڕۆكەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی كرا.



فڕۆكەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی

Saiwani

## 1.5 تەدابیری پێویست بۆ فڕێدانی خۆڵ و خاشاک

لە زۆربەی شارەکانی هەرێمی کوردوستان و عێراقدا، ئامێری دێپۆنی کردن و لەناوبردن و سووتاندنی خۆڵ و خاشاک نییە، کە هۆکارەکەشی ئەگەڕێتەوە بۆ دانانی پلانی عومرانی نادرووست بۆ شاروشارۆچکەکان.
ئەگەر مرۆڤ لەو ڕاستیە بکۆڵێتەوە، کە
- دێپۆنی نەکردنی خۆڵ و خاشاک و،
- تەصفیە نەکردنی ناواخنی زێرابەکان و،
- جیانەکردنەوەی خۆڵ و خاشاک بەشێوەی ڕاست و کەڵەکەنەکردنیان لەشوێنی تایبەتی خۆیاندا،

ئەبنە هۆکار بۆ پیسکردنی ئاوی ژێر زەوی و سەر زەوی کە ئەمەش بەهۆی میکرۆبی جیاجیا و مەوادی زەهراوییەوە ئەگوێزرێتەوە و، ئەبێتە هۆی پیسکردنی هەوا بەتایبەتی بەهۆی بەرز بوونەوەی تۆز و درووستبوونی بۆنی ناخۆش لێیانەوە.
ئەبێت بزانرێت، چارەسەرنەکردنی خێرای ئەو دیاردانە، ئەبێتە هۆی پەککستنی گەشەسەندنی بیناسازی و پلانی عومرانی لە ناوچەکەدا، چونکە پلانی لەو شێوەیە لەبەرژەوەندی هاووڵاتیاندا نییە و زیان بە تەندرووستیان ئەگەیەنێت.



**شوێنێک بۆ کۆکردنەوەی خاشاک لە شاری دهۆک**

بۆ ئەم مەبەستە پێویستە لەسەر شارەوانی شاروشارۆچکەکان، ئاوی قورسی زێرابەکان بەشێوەیەک تەصفیە بکەن، کە لێیانەوە مەترسی بۆ سەر تەندرووستی هاووڵاتیان بەهۆی گوێزانەوەی میکرۆبی نەخۆشی هەڵگرەوە، درووست نەبێت. لەبەر ئەوە پێویستی سەر شانی شارەوانییەکانە، ڕووبەری گونجاو بۆ کەڵەکەکردن و لەناوبردنی خاشاک و ئاوی قورس و دانانی مەصفای تایبەتی بۆ ئەم کارە، تەرخان بکەن و لە نەخشە ئەساسییەکاندا جێیان بۆ بکەنەوە، پێش بڕیاردان لێیان.

## 1.6  تەدابیری پێویست بۆ وەرگرتنی ئیجازەی بینا

لەبەر ئەوەی کە عەمەلیەی وەرگرتنی ئیجازەی بینا لە هەرێمی کوردوستان ڕوون وئاشکرا نییە لە هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی معاملاتی هاووڵاتیاندا، ئەتوانرێت گریمانە بکرێت، کە عەمەلیەی پێدانی ئیجازە و ڕێپێدراوی وەرگرتنی ئیجازە و بڕیاردان لێی، زۆر سەرەتاییە و پشت بە زۆرێک لە ڕێنماییە یاساییەکان نابەستێت.

بەهۆی نەبوونی یاسای بیناوە و ڕێسای بیناسازییەوە، ئەتوانرێت بووترێت، کە ئەم گریمانەیە ڕاستە. هەتاکو ئەو یاسایانەش کەلە زەمانی مەلیکەوە لە ساڵی (1935) دا بۆ شارەوانیەکان بڕیاریان لێدراوە و لەساڵی (1964)دا گۆڕانکاریان بەسەردا هێنراوە، ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردوستان جێبەجێ ناکرێن. بۆ نمونە:

- بۆ معامەلەی ئیجازەوەرگرتن، عەریزە نانووسرێت و لەلایەن شارەوانیەوە داواناکرێت.
- ئەندازیاری پڕوژە تەئمینی یاسایی نییە بۆ بەرپرسیارێتی لە کاتی ڕوودانی هەڵەی ئەندازیاری زیانبەخش بە هاووڵاتیان و بە پارچە ڕاگرەکانی بینا.
- ئەندازیاری پڕۆژە بەرپرسیارێتی جێبەجێکردنی دروستکردنی بیناکە بە پێی نەخشەکانی پڕۆژەکە ناکات.
- شارەوانی Site Plan [خەریتەی محل] لە خاوەن پڕۆژە داواناکات، کە بەهۆیەوە هەموو سوچەکانی بیناکە لەناو زەوییەکەیدا و بینای دراوسێکانی و دووری بیناکە لە جادە و شەقامەکانەوە دەربخات. لەسەر خەریتەی محل پێویستە شوێنی ئاووئاوەڕۆ و شوێنگەی زێراب دیاری بکرێت.

ئیجازەی بینا ئەبێت تەنها لەکاتێکدا بدرێت بە پڕۆژەیەک، کە دژی ڕێنماییە یاساییەکانی بیناسازی نەوەستێتەوە. لەبەر نەبوونی خەریتەی ژێر زەوی، هەڵکەندنی کەناڵ بۆ زێرابی ماڵان و کەناڵی بۆری ئاوڕاکێشان لەلایەن هاووڵاتیانەوە ئەبێت بەهۆی زیانگەیاندن بە بۆری ئاوی ڕاکێشراو لە ژێر زەویدا، کە لە لایەن شارەوانیەوە ڕاکێشراوە. لەبەر نەبوونی ئەم جۆرە نەخشانە، شارەوانی ناتوانێت ئامۆژگاری هاووڵاتیان بکات بۆ ئەوەی نەبنە هۆی زیان گەیاندن بە ئامێرەکانی ژێر زەوی لەکاتی هەڵکەندنی بناعەی بیناکانیان و هەڵکەندنی کەناڵی ئاووئاوەڕۆ و کەناڵی زێرابدا.





**زیان گەیاندن بە بۆری ئاوی ژێرزەوی لەکاتی هەڵکەندنی بناغەی بینایەکدا**

بۆ بەراووردکردنی پڕۆژەکان لەسەر نەخشە ئیجازە پێدراوەکان و جێبەجێکردنی دروستکردنی بیناکانیان لەسەر زەوییەکانیان، پیویستە شارەوانی کەشفی بەردەوام بکات بۆ پڕۆژەکان و پڕۆتۆکۆڵ لە بابەتیانەوە بنووسێت و بیدات بە خاوەن پڕۆژەکان بۆ کاتی تەواوبوونی هەیکەلی بیناکە و تەواوبوونی کاملی بیناکە.

بۆ ئەم مەبەستە سەرپێچیکەر ئەبێت داوای لێبکرێت، هەڵەکانی دروستکردنەکە، وەک لە نەخشەکاندا هاتووە، ڕاست بکاتەوە. بەم ڕێگایە خاوەن پڕۆژەکان ناچار ئەکرێن، پڕۆژەکانیان لەژێر سەرپەرشتی ئەندازیاری شارستانی یان تەلارسازی دا بە دروستکردن بدەن.

پێشکەوتنەکانی بواری نۆڕم و ڕێساکانی بواری بیناسازی لەم چەند دە ساڵەی دواییدا، نەبوون بەهۆی گەشەکردنی بواری یاسایی بیناسازی لە هەرێمی کوردوستان دا.
لە شارەوانیەکانی هەرێمی کوردوستان و بەڕێوبەرایەتیەکانی سەر بە شارەوانی لە شارەکانی هەرێم دا، ژمارەی کارمەندی شارەزا و پسپۆڕ بۆ جێبەجێکردنی ئەو کارە قورسەی پێیان سپێردراوە، زۆر کەمە. زۆرێک لەو کارمەندانە، خۆیان پێویستییان بە فێرکردنی بوارە یاساییەکە هەیە، پێش ئەوەی بیگەیەنن بە هاووڵاتیان.
بۆ ئەم کارە پێویستە لە پێشدا هەموو ئەو یاسا و ڕێسایانەی کە لە سەدەی پێشوودا نووسراونەتەوە لە عێراق و هەرێمی کوردوستاندا، کۆبکرێنەوە و گۆڕانکاریان بەسەردا بهێنرێت. ئەندازیارانی ڕێپێدراوی بواری بیناسازی و تەلارسازی لێپرسراوی تەواویان بۆ جێبەجێکردنی ئەم نۆڕم و یاسایانە ئەکەوێتە سەر شان.

بەهۆی گۆڕانی بەردەوام لە بواری بیناسازی و پلاندانداندا، پێویستە ئەندازیاران و شارەزایانی بوارەکە بەردەوام لە فێربوون دا بن، بە خوێندنی دەوراتی پسپۆڕی لە بوارە جیاجیاکانی بیناسازیدا و هەروەها بە هەبوونی زانیاری تەواو لە بابەت مەتریاڵ و داواکارییە یاساییەکان لە بابەتیانەوە بۆ ئەوەی لە لایەکەوە لە بەجێهێنانی پلانی عومرانیدا بەکاریان بهێنن و لە لایەکی ترەوە لەکاتی کەشف بۆکردنی پرۆژەکاندا لەلایەن شارەوانیەکانەوە بەکاربهێنرێن، بۆ بڕیاردان لە پێدانی ئیجازەپێدانی پرۆژەکان.
ئەم ڕێنماییە یاساییانە پێویستە لە نامیلکەی پچووک پچووک دا بنووسرێنەوە و بەسەر هاووڵاتیاندا بە پارە دابەش بکرێن.
بۆ گە شەسەندنی بواری بیناسازیش لە هەرێمی کوردوستان دا، پێویستە نۆڕمی تازە بێنە درووستکردن و لەلایەن هاووڵاتیان و شارەوانیەکانەوە بکەونە بواری جێبەجێکردنەوە. لە نۆڕمانەش:

- پاراستنی کانگاکانی ژێر زەوی و ووزەی گەرمایی و ژینگە پارێزی.
- پاراستنی ئاو و گواستنەوەی دەنگ و نۆڕمی تایبەت بۆ فڕێدانی خۆڵ و خاشاک.
- کەشف کردنی بەردەوامی پرۆژەکان لەلایەن لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە.

Saiwani

### 1.7 تەدابیری پێویست بۆچاودێریکردنی بینا لە کاتی درووستکردن دا

خاوەن پڕۆژە کاتێک ئەتوانێت دەست بە درووستکردنی پڕۆژەکەی بکات، لەکاتێکدا کە ئیجازەکەی بە نووسراو بەدەست گەیشت. پێش درووستکردنی بیناکەی ئەبێت لایەنی پەیوەندیدار (بۆ نمونە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس ) لە کارەکەی ئاگادار بکاتەوە، کەی و چۆنێتی دەست پێکردنەکەی بەیان بکات، بۆ ئەوەی لایەنی پەیوەندیدار لە سەرەتای دەستپێکردنی درووستکردنی پڕۆژەکەوە بتوانێت بچێتە ناو پڕۆژۆکەوە، کەی ویستی، بو بەراووردکردنی هەنگاوەکانی جێبەجێکردن بەپێی نەخشە ئەندازیاریەکان و بەندەکان کە بە ئیجازەپێدانەکەوە بەستراوە و لەسەر ڕێنمایی یاسا و ڕێساکانی بیناسازی کە لە هەرێمدا کاریان پێئەکرێن.
بەداخەوە، ئەم ڕێوشوێنە یاساییانە لە هەرێمی کوردوستان ناگیرێنە بەر.



**درووستکردنی نهۆمی دووهەم بێ گوێدانە ڕێنمایی یاسایی**

ئەم وێنەیە لە کاتی ڕۆکردنی مەواد دا لەسەر بیناکە گیراوە. (8 م$^3$) چەو و (8 م$^3$) لم لەسەر جادەی ڕەسمی هەڵڕێژران و چەند کاروانێکی تریش بە دوایاندا. مەوادەکان پێویست بوون، بۆ چیمەنتۆکردنی نهۆمی دووەمی خانوویەکی نیشتەجێبوون، کە دوای (5) ڕۆژ جێبەجێ کرا.
لەم ماوەیەدا خاوەن پڕۆژە جادەکەی بۆ بەرژەوەندی خۆی داگیرکردبوو، بێ گوێدانە مافی گشتی هاووڵاتیان و بەبێ ئەوەی سڵ لە لایەنی پەیوەندیدار و سزادان بکاتەوە.

لە عەریزەکەدا، کە ئەدرێت بە لایەنی پەیوەندیدار بەمەبەستی درووستکردنی بینایەک لەسەر پارچە زەوییەکی دیاریکراو لەلایەن خاوەنەکەیەوە، ئەبێت ناوی جادە و ژمارەی بیناکە و ژمارەی فلۆرەکە (لەلایەن شارەوانییەوە ئەدرێت)، بەشێوەیەک نیشان بدرێن، کە شوێنی بیناکە لە ناوچەکەدا بە ڕوون و ئاشکرا دەربخات. ئەم ڕێنماییەش لە هەرێمی کوردوستان پەیڕەو ناکرێت.
بەو عەریزە دانە، لێپرساوێتی جێبەجێکردنی درووستکردنی پڕۆژەکە بەپێی مەرجەکانی ئیجازەپێدانەکە و ڕێنماییە یاساییەکان، ئەکەوێتە سەر شانی خاوەن پڕۆژە و ئەندازیاری سەرپەرشتیاری پڕۆژەکە، کە ئیمزایان لەسەر عەریزەکە و نەخشە ئەندازیارییەکان کردووە.
زۆرێک لە خاوەن پڕۆژەکان ژمارەی بیناکانیان لەسەر شەقامەکان و ناوی شەقامەکان نازان، کە دەرگای چوونە ناوەوەی بیناکانیانی ئەکەوێتە سەر.
ئەزموونەکان دەریئەخەن، کە جێبەجێکردنی ڕێنماییە یاساییەکان لە هەرێمی کوردوستان دا لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی پێشوودا لەلایەن هاووڵاتیانەوە باشتر پەیڕەوی ئەکران بە بەراوورد لەگەڵ کاتی ئێستا.
- لە کاتی ئێستادا، نووسراوەکان بە مەبەستی ئیجازەوەرگرتن بۆ پڕۆژەیەک بە ناتەواوی ئەخرێنە بەردەم شارەوانی. خەریتەی محل و نووسراوی پابەندبوونی ئەندازیاری جێبەجێکاری نەخشە ئەندازیارییەکانی پڕۆژەکە، ناخرێنە بەردەم شارەوانی. بوونی خزمەتگوزارییەکان بۆ پڕۆژەکەش ڕۆڵێکی ئەوتۆ نابینێت.

- له دابەشکردنی زەوی نیشتەجێبوون دا، سەرپێچی ئەکرێت بەوەی کە زۆر جار ئەو ناوچانە لە نەخشەی تەفصیلی دا، بۆ ئەو مەبەستە تەرخان نەکراون.
- زۆرجار دروستکردنی پڕۆژەکە لەسەر زەوی لەگەڵ دیزاینەکەیدا لەسەر نەخشە ئەندازیاریەکان، لەبەر گۆڕانکاری هەمەچەشن کە لەلایەن خاوەن پڕۆژەوە بە غیابی ئەندازیاری سەرپەرشتیار ئەنجام ئەدرێن، لەگەڵ یەکدا ناگونجێن.
- لەبەر نەبوونی کۆنترۆڵەی پێویست، ئەندازیارانی کارەبایی و میکانیکی هەڵئەستن بە کێشانی نەخشەی ئەندازیاری بۆ پڕۆژەکان و بەمە جێی ئەندەزیارانی بیناسازی و تەلارسازی ئەگرنەوە.

بۆ ئەم مەبەستە پێویستە شارەوانی یان هەر لایەنێکی پەیوەندیداری تر ئەم نووسراوانەی لای خوارەوە لە خاوەن پڕۆژە، کە داوای وەرگرتنی ئیجازە ئەکات بۆ پڕۆژەکەی، داوابکات:

- خەریتەی محل بەپێوەری (1:500) یان گەورەتر، کە تیایدا شوێنی زەوییەکە و مەسقەطی بیناکە و دوورییان لە بینای دراوسێکانی ئەملاولایەوە و شەقامەکان کە دەرگای بیناکەی ئەکەوێتە سەر، دیاری بکات.

- حسابکردنی ستاتیکی بەشە ڕاگرەکانی بیناکە لە سەقف و پایە و جسر و بناغە، بۆ ئەو جسمانەی کە لە چیمەنتۆی شیشدار و ئاسن پێکدێن، کە قورسایی بیناکەیان ئەکەوێتە سەر.

- نەخشەی ئەندازیاری بیناسازی بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەکە لەگەڵ نەخشەی ئەندازیاری تەلارسازی بۆ دیزایینکردنی پڕۆژەکە بە پێوەری (1:100). بەمەبەستی زیاتر ڕوونکردنەوەی پارچە ڕاگرەکان و بەستنیان بە یەکەوە، پێویستە نەخشەی دیتەیلیان واتە تەفصیلیان لەلایەن ئەندازیاری بیناسازییەوە بۆ بکێشرێت.

شارەوانیەکان لە هەرێمی کوردوستان ئەم داواکاریانەی کە باسکران، لە هاووڵاتیان بەمەبەستی ئیجازە پێدان بو پڕۆژەکانیان، چاوەڕوان ناکەن. هەتا بۆ چاککردنەوە و تەرمیم کردنی بینا، داوای ئیجازە وەرگرتنیان لێناکەن و ئەم کارانە بە نهێنی لەلایەن خاوەنەکانیانەوە بەبێ بەرپرسیارێتی جیبیەجی ئەکرێن.
لەبەر ئەوە ئەبێت شارەوانییەکان داوای وەرگرتنی ئیجازەی دروستکردن بکەن بۆ ئەو پڕۆژانەی کە:
- تازە دروست ئەکرێن و یان
- دروستکراون و گۆڕانکاری لە دروستکردنەکەیاندا ئەکرێت و یان
- تەرمیم ئەکرێن

بۆ گۆڕانکاری و تەرمیم کردنی بینای دروستکراو پیویستە لەمەودوا خاوەن پڕۆژە لەلای شارەوانی ئیجازەی دروستکردن بۆ پڕۆژەکانیان وەربگرن و گۆڕانکاریەکانیش لە نەخشە ئەندازیاریەکاندا بەم شێوەیە دەست نیشان بکرێن:
- ئەو پارچانەی گۆڕانکاریان بەسەر دا نەهاتووە، بە خەتی ڕەش و
- ئەو پارچانەی گۆڕانکاریان بەسەر دا هاتووە بە خەتی سوور و
- ئەو پارچانەی لائەبرێن بە خەتی زەرد.

نەخشە ئەندازیاریەکانیش ئەبێت لەسەر کاغەزی تایبەتی ترانسپەرێنت بکێشرێن بە قەڵەمی تووشە یان بە سۆفت وێری ئەندازیاری و نەخشەکانیش بە پێوەری A4 بنووشتێنرێنەوە.

لە هەشتاکانی سەدەی پێشوودا ئەم ڕێسایانە لەلایەن ئەندازیارانەوە ئەگیرانە بەر و ئەخرانە بەردەم شارەوانیەکان بەمەبەستی وەرگرتنی ئیجازەی دروستکردن بۆ پڕۆژەکانیان.

بە داخەوە، ئەمڕۆ تەنها کار بە سۆفت وێری ئەندازیاری ئەکرێت و بە نەخشەی پچووک لەسەر A4 تەقدیم بە شارەوانی ئەکرێت و ئیجازەی بۆ وەرئەگیرێت.

## 1.8 تەدابیری پێویست بۆ درووستکردن زەوی

لە هەرێمی کوردرستان ڕێنمایی یاسایی بۆ ناوچەی بینا درووستکردن لە زۆنەکاندا ، کە لە نەخشە تەفصیلی یەکاندا دەست نیشان نەکراون، بەم شێوەیە کە لە خشتەکەدا داڕێژراوە.

| ژمارە. | ڕووبەری بینا بە م$^2$ | فاکتەریY | ژمارەی نهۆم | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | پچووکتر لە 200 | **80%** | 2 لە نهۆمی ئەرزییەوە | بەیتونەیەک بە ڕووبەری 25 م$^2$ ڕێپێدراوە |
| 2 | لە 201 تا 300 | **75%** | 2 لە نهۆمی ئەرزییەوە | بەیتونەیەک بە ڕووبەری 25 م$^2$ ڕێپێدراوە |
| 3 | لە 301 تا 400 | **70%** | 2 لە نهۆمی ئەرزییەوە | بەیتونەیەک بە ڕووبەری 25 م$^2$ ڕێپێدراوە |
| 4 | گەورەتر لە 400 | **65%** | 2 لە نهۆمی ئەرزییەوە | بەیتونەیەک بە ڕووبەری 25 م$^2$ ڕێپێدراوە |

فاکتەریY بە پێی یاسای شارەوانی هەرێمی کوردوستان ژمارە (6/1993)

**فاکتەریY** ڕێژەی ڕووبەری بینا بۆ ڕووبەری زەوییەکەی دەستنیشان ئەکات.
گەورەیی ڕووبەری بیناکان لەسەر زەوییەکانیان ئەبێت بەجۆرێک ڕێکبخرێت، کە مەسافەی پێویست تا سنووری زەوی دراوسێکانیان، ڕەچاو بکات. واتە بۆ ئەوەی لە کاتی ئاگرکەوتنەوە لە بینایەکدا، مەترسی ئاگرگوێزانەوە بۆ دراوسێکانی لێنەکەوێتەوە، پێویستە پانی بینایەک لەسەر زەوییەکەی کە پانی پێشەوەی (16 م)ە، لە پانی (10 م) زیاتر تێنەپەڕێت، بۆ ئەوەی لە هەردوولای بیناکەوە، لایی مەسافەی (3 م)ی تا سنووری زەوییەکەی بمێنێت.
لەسەر ڕووبەری ئەو زەوییانەی کە شارەوانیەکانی هەرێمی کوردوستان بەسەر هاووڵاتیانی شارو شارۆچکەکاندا دابەشی ئەکەن، کە گەورەیی ڕووبەرەکانیان لە (200 م$^2$) تێپەڕ ناکات، ڕێژەی درووستکردنی بینا بە ڕادەیەکی زۆر دیاریکراوە. بەپێی نەخشەکە فاکتەری (80 %)ی بۆ دانراوە، واتە خاوەن زەوی ئەتوانێت لە نهۆمی ئەرزی ڕووبەری (160 م$^2$)ی زەوییەکەی بکات بە بینا، ئەمەش مانای ئەوەیە، کە لە ڕووبەری زەویەکە تەنها (40 م$^2$) زەوی بۆ باخچە و پارکی سەیارە ئەمێنێتەوە.
واتە دیواری بیناکە بە دیواری بینای دراوسێکەیەوە یە بەبێ جێهێشتنی هیچ مەسافەیەک. ئەمەش بەپێی هەموو پێوەرێکی ئەورووپی و جیهانی نادرووستە و ناچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

لەبەر ئەوە پێویستە شارەوانییەکان بیر لە ستراتیجییەکی تر بکەنەوە، کە تیایدا پانی و درێژی ڕووبەری ئەو زەویانەی بەسەر هاووڵاتیاندا دابەشی ئەکەن، ستاندەردە جیهانیەکان لەبەرچاو بگرێت، بۆ نمونە:
ئەگەر پانی زەویەکان (16 م) بێت، ئەتوانرێت لە هەر لایەکی بیناکەوە (3 م) مەسافە تا سنووری زەوی دراوسێکانی بیناکە بمێنێتەوە.
بیناکانیش بە دووری مەسافەیەکی دیاریکراو لە سنووری زەوییەکانیانەوە ، درووست ئەکرێن. ئەم مەسافەیەش پەیوەستە بە پانی ئەو جادانەوە کە دەرگای بیناکانیانی ئەکەوێتە سەر.

بۆ ئەم مەبەستە شارەوانی سلێمانی کار بە یاسای شارەوانی ژمارە (6)ی ساڵی (1993)ی پەڕلەمانی کوردوستان ئەکات و ڕێنماییەکانی خستۆتە جێبەجێکردنەوە.

مەسافەی بەجێهێڵراوی بینا لە سنووری شۆستەوە لە سەر زەویەکەی خۆی لەم نەخشەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە.

| **نهۆم** | **مەسافەی بەجێهێڵراو لە سنووری شۆستەوە** | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | بۆ جادەی (40 م تا 100 م) پان | بۆ جادەی (30 م) پان | بۆ جادەی (20 م تا 25 م) پان | بۆ جادەی (8 م) پان | بۆ جادەی (6 م) پان |
| ژێرزەمین | 4,00 m | 3,00 m | 2,00 m | 2,00 m | 0 |
| نمۆمی ئەرزی | 4,00 m | 3,00 m | 2,00 m | 2,00 m | 0 |
| نهۆمی یەکەم | 3,00 m | 2,00 m | 1,00 m | 1,00 m | 0 |
| نمۆمی دووهەم و سەرووتر | 1,00 m | 1,00 m | 1,00 m | 1,00 m | 0 |

## مەسافەی بەجێهێڵراوی بینا لە سنووری جادەوە

ڕێنماییەکان بۆ جێبەجێکردنی یاساکان و ڕێساکانی شارەوانی لەلایەن هاووڵاتیانەوە پێویستە وەک خۆی و بێ زیادەڕۆیی جێبەجێ بکرێن. بۆ نمونە ژمارەی نهۆمی ڕێپێدراو و ڕووبەری بینای ڕێپێدراو نابێت تێبپەڕێنرێت لەلایەن خاوەن پڕۆژەکانەوە، بۆ ئەوەی بەرز و نزمی نارەوای بیناکان، کاریگەری نێگەتیفی لەسەر ڕوانگەی ناوچەکە نەبێت و درووست نەکات.

بۆ گەشەسەندنی بواری بیناسازی و پلاندانانی عومرانی ئەو هەنگاوانەی پێشبینی کران زۆر پیویستن و جێبەجێکردنیان لە بەرژەوەندی هاووڵاتیاندایە، بەتایبەتی بۆ چاککردنەوە و ڕێکخستنەوەی ژێرخانی ئابووری هەرێمی کوردوستان، کە بەهۆی جەنگە یەک لەدوای یەکەکانی عیراق و پشتگوێ خستنی حوکمی پێشوو بۆ ناوچەکە، بە تەواوی داتەپیبوو.

Saiwani